دکتورسا لح ئیبراهیمی



## سوورەی ئیخلاس

**سوورەی ئیخلاس لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۴ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بڵێ: ئەو خوایە تاکە ﴿۱﴾ خوایەکی بێ‌نیاز و جێی نیازە (کە نیازمەندان ڕوو دەکەنە ئەو کە نیازیان جێ‌بەجێ بێ) ﴿۲﴾ کەس لەو نەبووە و ئەویش لە کەس نەبووە ﴿۳﴾ کەسیش نەیتوانیوە، هەمبەر و هاوتای بێ ﴿۴﴾

## سوورەی فەلەق

**سوورەی فەلەق لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۵ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بڵێ: پەنا دەبەمە بەر پەروەرندەی زا لە ماک و سپیایەی بەرەبەیان ﴿۱﴾ (بۆ پاراستن) لە لە وەزەن و ئازار و شەڕی تەواوی ئەوەی خوڵقاندوویەتی ﴿۲﴾ لە ڕووشە و شەڕی تاریکی شەو، کاتێ کە دێ (غاسق: هێرش هێنەر، بوونەوەری شەڕانی، تاریکی سەرەتای شەو) ﴿۳﴾ لە شەڕی جادووگەرانێ کە فوو بە گرێدا ئەکەن (پف بۆ جادوو کردن) ﴿۴﴾ لە گێچەڵ و شەڕی هەر ئێرەیی‌بەر و حەسوودێ، کاتێ کە ئێرەیی دەبا و بەخێلی و حەسوودی دەکا ﴿۵﴾

## سوورەی ناس

**سوورەی ناس لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۶ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

بڵێ: پەنا ئەبەم بە پەروەرێنەری خەڵک ﴿۱﴾ فەرمانڕەوای خەڵک ﴿۲﴾ خوای گەورەی خەڵک ﴿۳﴾ (بۆ پاراستن) لە شەڕ و بەڵای وازوازی‌هێنی خۆپەنادەر ﴿۴﴾ ئەوی دڵی خەڵکی کرمێ دەکا ﴿۵﴾ لە جنۆکە و لە مرۆڤ ﴿۶﴾.

ئەم قورئانە تا ۷ی گوڵانی ساڵی ۲۶۶۱ کوردی و ۱۹۶۱ زایینی بە زمانی شیرینی کوردی، محەمەدساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) بە تەواوی تەرجەمە و تەفسیری کردووە و پیتچنی کراوە و ئامادەی چاپ بووە و لە ۱۹۸۷ز و ۲۶۸۷ کوردی لە تاران لە ساڵی ۱۳۶۶ لە ڕێگای بەرێز سەیید کازم موسلیح‌ئابادی نەهری کە لە گۆڤاری کوردی «ئاوێنە»دا نووسەر بوو دراوە بە سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی و لە ساڵی ۱۳۷۶ی هەتاوی و ۱۹۹۷ی زایینی و ۲۶۹۷ کوردی چاپ کراوە. شەپۆل نووسەر، ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر، وەرگێڕ و ئوستادی زانکۆیە.



Dr. Saleh Ebrahimi